# کەرکوك قوربانیی کوردستانە

## گۆران فەتحی



دوای تەقینەوە شومەکەی رۆژی دووشەممەی رابردوو، کەلەبەردەم کۆمیتەی ئیمام قاسمی یەکێتیو کۆمەڵەی روناکبیریو کۆمەڵایەتی کەرکوكو لیژنەی ئۆتۆلمپی کەرکوکدا تەقیەوە، ئەوکات بیٚ بەرنامەییو کەم تەرخەمیو فەشەلی دەسەڵاتی کوردیم بۆ دەرکەوت لەناو شاری کەرکوکدا.

ئەی مانای چییە دوای چوار ساڵ لە رزگاربوون لەرژێمی بەعس، ئەم جۆرە کارانە لەناو کەرکوکدا روو بدەنو ئەو بارە ناهەموارە بەسەر کوردی کەرکوکدا بێت، باشە کوانی ئاسایشو گاردی نیشتمانیو هێزی پۆلیس، ئەی دوو حزبە کوردیە دەسەڵاتدارەکە چی دەکەن، ئەی رۆژانە گرتنی تیرۆریستان مانای چیە.

لەماوەی چوار ساڵی رزگاربوون لەو رژێمە، ئەوەندە گەنجی خوێن گەرمو پیاوی ئازاو پلەدارو رۆشنبیری کورد لەو شارەدا شەلاڵی خوێن کراون لەهەموو سەردەمەکاندا شتی لەو جۆرە نەبووەو رووی نەداوە، ئەگەر لایەنە ئەمنیەکانی شاری کەرکوك ئاماری ئەو قوربانیانەی بەهۆی تەقینەوەکانەوە لەکەرکوك گیانیان لەدەستداوە ئاشکرا بکەن کەچەندان هەزار دەبێت ، بێگومان کورد کەئامانجی سەرەکی تیرۆریستانو عەرەبە شۆفینەیکانە زۆرینەی کوژراوەکان پێك دەهێنن.

باشە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتەمایە مادەی 140 دوای قڕبوونی کوردی شارەکە جیٚ بەجیٚ بکات، ئێمە شارێکمان بۆچیە خەڵکە رەسەنەکەی بەتەواوی لەناوبچن، چی لەکەرکوك بکەین هاوڕیو خزمو خۆشەویستانی ئێمەی تێدا نەمێنێت، ئەی مادەی 140 مانای گەرانەوەی بارودۆخی کەرکوكو ناوچە تەعریبکراوەکان نیە بۆ دۆخی جارانی خۆی، دوای شەهیدکردنی ئەو هەموو هاوڵاتیە بیٚ تاوانە، گەرانەوەی چ بارودۆخێکیان مەبەستە، خەڵکی شڤیل دەپرسن سەرکردایەتی سیاسی کورد لەبەغدا چی دەکات، بۆ کەرکوكو لەناو کەرکوکدا چی دەکات، ئەگەر ئەو بارەیان بۆ بەرێوە ناچێتو بەرنامەیان بۆ نییە، بۆ خۆیان لەقەرەی دەدەن، ئەگەر دەشڵێن چارەسەری ئەو بارودۆخە دەکەین، دەبا بکەونە دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی گونجاو پێش قڕکردنی کوردی شارەکە، چونکە ئەگەر کار وا بڕوات نەك تەقینەوە بەڵکو شەڕێکی خوێناوی وادروست دەبێت کەس توانای وەستاندنی نابێت.

بۆیە لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردە، لەجیاتی ئەوەی شەڕی نەوتو پارە لەبەغدا بکەن ، هەوڵ بدەن چارەسەری کێشەی کەرکوك بکەن، ئەو شارەی لەدروشمە سیاسیەکانیاندا هەردەم بەقودس دڵ ناویان بردووە، هەوڵ بدەن برینەکانی کەرکوکیەکان سارێژ بکەن، ئەگینا ئەو شارە لەبری ئەو ناوانەی ئەوان بۆیان داناوە تەنها ناوی (قوربانی کوردستانی) بۆ دەشێتو هیچی تر..ئەوکات ئەو شارەو خەڵکەکەی لەدەست دەدەنو هیچ متمانەیەکیشیان لەلای هاوڵاتیانی کورد نامێنێتو دەبێت قسە قەبەکانیان بۆ خۆیان هەڵگرن.